The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

# مچەی ئەحە پوتیش شەهیدی سەنگەری یەکێتییە

پاککردنەوەی لیستی سەربەرزان " شەهیدان , ئەنفالکراوان , قوربانیانی چەکی کیمیاوی , زیندانیانی سیاسی کۆڵنەدەر , پێشمەرگەی تێکۆشەری دێرین " لە ناوی خیانەتکاران هەنگاوی دەستپێکە بۆ هەر پاکسازی و چاکسازی و دادگاییەکی تاوانکاران لە کوردستان , بۆیە داوا لەهەموو لایەك دەکەین پشتگیری لەم هەنگاوەی ناوەندی چاك بکەن , بە ناردنی زانیاری , بە بەرزکردنەوەی داخوازینامەی پشتگیری .

مستەفا ئەحمەد عەبدوالڕەحمان ناسراو بە مچەی ئەحە پووت , جاشێکی ناسراوبوو و دڕندەیەکی کەموێنەو جانەوەرێکی کوردکوژ بوو , پێشمەرگە ئازاو لە خۆبردووەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسزای گەلیان گەیاند ,کەچی مخابن ینك وەفادار نەبوو بە قارەمانییەتی ئەو پێشمەرگانە , ئێستا مچە کراوە بە شەهیدی هەمان لایەن !.

ئێمە تاکو ئێستا چەندین جار دووبارەمان کردۆتەوە , لەگەڵ سزادانی بە برسێتی کەس نین لە پای تاوانی کەسی دیکە , بەڵکە لەگەڵ دابینکردنی ژیانێکی شەرەفمەندانەداین بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان, وەلێ بوونی ناوی خیانەتکاران لەو لیستانە بە خیانەت دەزانیین بە خوێنی شەهیدان لە پێشیانیشەوە خیانەتە لە شەهیدانی خودی ئەو حیزبە, بە نووسینی ئەو ناوانە لە لیستی شەهیدانی سەربەرزی پارتەکەی , یەکەمجار سوکایەتیکردنە بە شەهیدانی سەربەرزو قارەمانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان .

## ناوەندی چاك

2007-9-21

www.chak.be

chak_org@yahoo.com

**تێبینی : جگە لەم ماڵپەڕ و ئیمەیلە , خاوەندی هیچ ماڵپەڕ و ئیمەیلێکی دیکە نین , بۆیە زانیارییەکانتان تەنها لەم کەناڵەوە دەگاتە دەستمان .**